# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ئەندامی شاندی پەرلەمان بووم بۆ ئەورووپا)

شاندێکی پەرلەمانی ئیسپانیا - هەرێمی باسک - سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، پاش گەڕانەوەیان بانگهێشتێکی فەرمیی ئێمەیان کرد، سەرۆکی پەرلەمان(د. رۆژ نوری شاوەیس)، منیش وەك سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان، هەروەها سەرۆکی دیوانی پەرلەمان(خەسرەو گۆران). هەر لەمیانەی ئەو سەردانەدا سەردانی پایتەختی چەندین وڵاتی ئەورووپیمان کرد، لە ماوەی (٢٥-٥) هەتا(٣٠-٦-٢٠٠٠).

رۆژی (٣٠-٥-٢٠٠٠) گەیشتینە(پاریس)، هەر لە سەرەتا ئامادەبووین لە کۆنفرانسی تایبەت لەسەر مەسەلەی کورد لە باڵەخانەی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی، لە هۆڵی (فیکتۆر هۆگۆ) بەڕێز(د.رۆژ) باسێکی چڕی لەسەر بابەتی (کورد لە دەستووری عێراقیدا) پێشکەش کرد، بۆ رۆژی دوایی کۆمەڵێك دیداری رۆژنامەوانی سازکرا، بەتایبەت رۆژنامەکانی (الزمان) و (الشرق الاوسط) و(فیگارۆ)ی فەرەنسی، هەروەها پاشان لەگەڵ(جۆناسان راندل)ی رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، دواتریش دیدارێك لەگەڵ رۆژهەڵاتناس و دۆستی کورد(کریس کۆتشێرە) کرا، ئەمە و چەند دیدارێکی تر.

سەرلەبەیانی رۆژی(٤-٦-٢٠٠٠) روومان کردە ئیسپانیا و سەرەتا گەیشتینە شاری(بڵباو)، واتە پایتەختی هەرێمی (باسك) کە جوانترین شارە لە ژیانی گەشت و گوزارما دیبێتم، لە فرۆکەخانە لەلایەن دەستەی تەشریفاتی پەرلەمان و دەزگا ئەمنییەکانەوە پێشوازیمان لێکراو گەیاندینیانە شوێنی حەوانەوەمان.

رۆژی(٥-٦-٢٠٠٠) سەعات (١١:٣٠) لەتەلاری پەرلەمانی (باسك) سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی پێشوازییان لێکردین، بە ئامادەبوونی ئاژانسەکانی دەنگ و باس و ژمارەیەك لە دەستگاکانی راگەیاندن، لە لایەن(د.رۆژ) و (خوان ماریا ناتۆچا) سەرۆکی پەرلەمانی (باسك) وتە پێشکەش کرا.

دەمەو نیوەڕۆ بەڕێز(جوان ماریا) سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و (خاتوو کارمن ناسایا) ئەندامی هەمان لیژنە گەڕانێکی ناوشاری (باسك)یان پێکردین و هێما هەرە دیارەکانی پایتەختەکەیانیان پێ ناساندین، پاشان لەدەمەو عەسردا لە تەلاری وەزارەتی دەرەوە دیدارێکمان لەتەك بەڕێز وەزیری دەرەوەدا(ئارێز مێندی) بۆ سازکرا.



لەسەر شەرەفی شاندەکەمان لەشاری (ڤیتۆریا) بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان(کارمیلۆ باریۆ) ئێوارە خوانێکی رێزلێنانیان بۆ کردین. هەر لەنێوانی ئەو دیدەنانەدا لەگەڵ (فرانسیسکۆ ڤیلاو) وەزیری تەندروستیی هەرێمەکە دانیشتین، باسمان لە پێداویستییەکانی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کرد، لەهەمان رۆژدا سەردانی دەزگایەکی تەکنەلۆجی باسك) مان کرد، هەروەها سەردانی گەورەترین زانکۆی هەرێمەکەمان کرد، دەرفەتی دیدەنی مۆزەخانەی (گوگین هایم)مان بۆ رەخسا کە پوخت مۆزەخانەیەکی هونەری شاری (بڵباو)ە.

رۆژی (٧-٦-٢٠٠٠) رۆژێکی چڕی بینین و گفتوگۆ بوو لەگەڵ پارتەکانی ئەو هەرێمە و پتر باسی خۆمان و ئاسۆکانی هەرێمی کوردستانمان کرد، بۆ نموونە لەبارەگای گشتی پارتی(PNV) کە پارتی دەسەڵاتدارە، هەروەها پارتی (P.P) کە پاشان بووە پارتی دەسەڵاتداری ئیسپانیا، دواتر لەگەڵ سەرۆکایەتیی باڵی سیاسیی(ETA) کە بە(EH) ناسراوە، کە حیزبی وڵاتی باسکە، بەهەر حاڵ هەرچی پێویست بوو بۆ ناساندنی کورد و کوردستان و کێشە رەواکەی کرا. شەو گەڕاینەوە بۆ (مەدرید) پایتەختی وڵاتی ئیسپانیا کە شارێکە پتر لە مۆزەخانەیەکی گەورەی شارستانی دەچێت.

رۆژی (٨-٦-٢٠٠٠) سەردانی پەرلەمانی ئیسپانیامان کرد و لەگەڵ(ئیزابێل تۆدشیتۆ)ی سەرۆکی پەرلەمان و چەند ئەندامێکی سەرۆکایەتییەکە کۆبووینەوە.

بۆ دانی ئێوارە روومان کردە شاری (بەرشلۆنە)ی پایتەختی هەرێمی(کەتەلۆنیا) کە یەکێکە لەشارە هەرە جوان و پڕ جووڵەکانی دونیا و بەسەر دەریای سپیدا دەڕوانێت، لەهەمان رۆژدا چاومان بە سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمەکەیان کەوت بەڕێز(جوان رێگۆلی) سەر بە پارتی(UDC) دەسەڵاتدار و جێگرەکەی کەسەر بە پارتی(PSC)ە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان، بەهەرحاڵ سەردانی بارەگای سەرجەم پارتەکانی هەرێمەکەمان کرد و گەڕاینەوە بۆ (مەدرید).

لە رۆژی(١٥-٦-٢٠٠٠) ئەم رۆژەمان تایبەت بوو بە سەردانی سەرۆکایەتیی حکومەتی(ئیسپانیا) و هەوڵی توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی نێوانمان لە پێناوی برەودان بە هەرێمەکەمان دا.

رۆژی(١٨-٦-٢٠٠) روومان کردە (بەلجیکا) و لە شاری (برۆکسل) سەردانی(پەرلەمانی ئەورووپی)مان کرد، لەگەڵ خاتوو (نیللی مایس) جێگری سەرۆکی گرووپی سەوزەکان کۆبووینەوە.

رۆژی دوایی بەرەو وڵاتی (هۆڵەندا) رۆیشتین و لەشاری (دان هاك) لەگەڵ گەورە بەرپرسانی هۆڵەندا کۆبووینەوە، سەرەتا (دکتۆر میخنا ریندز) لێپرساوی دائیرەی رۆژهەڵاتی

## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و دواتر چەند بەرپرسێکی دیکەمان بینی. هەر لەو ڕۆژەدا سیمینارێکمان بۆ ئەندامانی پارتیمان لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە (دان هاك) سازکرد.

ڕۆژی (٢٠-٦-٢٠٠٠) گەڕاینەوە (بەلجیکا) و سەردانی وەزارەتی دەرەوەیمان کرد و پاشان چووینە پەرلەمانی فیدڕاڵیی (سەنات) و چاومان بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان (جین ماری هاپارت) و هەروەها (جۆرج دالامایین) ئەندامی پارتی دیموکراتی مەسیحیی (سەنات) کەوت.

پاش ئەوەی سەردانی سەرجەم لایەنەکانمان کرد و هەروەها دیدارمان لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسایەتییە کوردەکان کرد. شەو سەعات (٩) بەرەو بەریتانیا بەڕێ کەوتین، بۆ ڕۆژی دوایی تکام لە بەڕێز (بورهان جاف) کرد کە نوێنەرمان بوو لەو وڵاتانە و لەهەمان کاتدا یاوەر و وەرگێڕمان بوو:

-: کاکە ساڵەهایە ئاواتمە سەر لە شانۆی (شکسپیر) واتە (گلۆپ تیاتر) بدەم.

: - هەر ئەم ئێوارەیە دەتبەم.

وادەی هات و پێکەوە سواری میترۆ بووین و گەیشتمە هەوارە شانۆییەکەی (شکسپیر)، شانۆیەکەی (ئەلیزابێسی)، هەر خۆی چۆن بوو، ئاوا نۆژەن کراوەتەوە، لەبەردەمی شوێنی نواندنەکەدا پەیکەرێکی زۆر جوانی (شکسپیر) دانرابوو، بەختم یار بوو ئەو ئێوارەیە شانۆیی هاملێت دەنوێنرا و بەهەمان شێوازی سەردەمەکەی شکسپیر، ژمارەیەك ئەکتەری بلیمەت لەسەرەتاوە، کارەکتەرەی (هاملێت) زۆر ساکار و بێخەم و تەواو خوێن سارد دەینواند، بەرە بەرە بەرەو گرژی و نەشونما و گرێی دەروونییەکەی چوو، گۆڕا بەو شێوەیەی خواستی نووسەر و دەرهێنەرەکەی بووە.

بەیانی ڕۆژی (٢٢-٦-٢٠٠٠) چاومان کەوت بە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ بە بەڕێز (جێرمی کۆربین). هەروەها دیداری بەڕێز (ڕۆنی وایت) لە وەزارەتی هاوکاری نێودەوڵەتی کە تیایدا باس لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان کرا، هەمان ڕۆژ لە عەسردا سەردانی یەکێتی سەندیکاکانی بەریتانیامان لە بارەگاکاندا کرد و چاومان بە بەڕێز (سیمۆن ستانی) لێپرساوی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و بەڕێز (تۆم جێنکز) سکرتێری کاروباری یەکێتی ئەورووپی کەوت، بەردەوام بە درێژایی ئەو دەرفەتە پێمان لە پەیوەندی نەبڕی و چەندین دیمانەی ڕۆژنامەنووسیمان کرد. ڕۆژی (٢٨-٦-٢٠٠٠) سیمینارێك بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەریتانیا سازکرا، کە پتر لە سەد کەس ئامادەی بوون، دیارە مرۆڤ بەکاری فەرمی گەشت بکات، هەرگیز ناتوانێ بە دڵی خۆی چێژ لەو گەشتە وەربگرێت، ئێمەش وا بە وردی و بە توندی بەو ئومێدەی دیاریکرابوو، دەرفەتی نەداوین گەڕانێك بکەین و باش بوو ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی تێکەوت، ئیدی خاڵۆزاکانم (کاکە بەختیار و کاکە رزگار) کوڕانی کاکە (لەتیف قادر ئاغا)ی خاڵم کارێکیان بۆ کردم کە بەمن نەدەکرا، هەر لەسەرەتاوە بردمیان بۆ (ناسیۆناڵ گلۆرمی) کە یەکێکە لەهەرە گەورەترین مۆزەخانەکانی دونیا بۆ هونەری شێوەکاری، پاشان سەردانی گەڕەك و کوون و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گوندەکەمان کردو چەندین شانۆییم بینی، (کلۆڵان)ی (فیکتۆر هۆگۆ) بوو کە پتر لە بیست ساڵ بوو کە بەردەوام بوو، حەزم دەکرد بیبینم، بەڵام پاش ئەوەی منیان پێیان ناساند، وتیان دەتوانین بۆ پەنجا ڕۆژی دیکە شوێنێکی یەدەگی بۆ دابین بکەین، ئیدی ئەو جووتە خاڵۆزا ئازیزەم خودا دەست بە باڵیانەوە بگرێ و سەرکەوتوویان بکات، بەو دوو ڕۆژە شەو و ڕۆژ بە دەورمەوە بوون، هێندەی دوو ساڵ پێمەوە سەرقاڵ بوون، پاشان بردمیانە کۆگایەکی (کوتاڵ) باشترین جۆری کشمیریان بۆ کڕیم و چەندین دیاری جوان، ڕۆژی (٢٩-٦-٢٠٠٠) بەرەو کوردستان فڕین و لە فڕۆکەخانەی (ئەتاتۆرك) لە (ئەستەمبوڵ) نیشتینەوە. وا ڕێککەوت بەڕێز (د.ڕۆژ) پاشان بگەڕێتەوە بۆ (یەمەن)، بۆیە من و بەڕێز (خەسرەو گۆران) هاتینەوە، هەر ئەوەندەی گەیشتمە بەر کۆنتڕۆڵخانە ئەفسەرێکی جوانکیلەی سێ ئەستێرە لەسەر شان پاسپۆرتەکەی لێوەرگرتم و وتی دوام کەوە، چوومە ژوورێکەوە و دەرگاکانی لەسەر داخستم و ڕۆیشت و جاروبار دەهاتەوە و پرسیارم لێی دەکرد هیچ کێشە و گیروگرفتێك لە ئارادایە؟ بەڵام بێ وەرام بوو، بە کاك (خەسرەو)م وت: تۆ بڕۆ بەجێم بهێڵە، بەڵام ئەم پارانەم لێوەرگرە، نەوەك بیبەن، پاش شەش حەوت سەعات لە چەند و چوون بە خانمۆڵە ئەفسەرە تورکەکەم وت: هۆکارەکەم پێ بڵێن، دەنا هەر ئێستا پەیوەندی بە جەنابی سەرۆك بارزانییەوە دەکەم، من جێگری سەرۆك فراکسیۆنی پارتی و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستانم، ئەم جارە هاتە زمان و وتی: تۆ گەلێك سەفەرت کردووە؟

-: باشە ئەوە چ پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە؟

پاش هەشت سەعات ئازادیان کردم، ئەو دەمەش وتم: خۆزگە کوردیش سەربەخۆ دەبوو...

باش بوو چونکە هێڵی ئاسمانی بەریتانی بوو، جانتاکەم پارێزراو بوو، وەرم گرتەوە و سوپاسی مەردایەتی کاکە (خەسرەو گۆران)م کرد کە کوردانە جێی نەهێشتم، هەر زوو زانیم کوڕی تەنگانەیە و مایەی پشت پێ بەستنە.



## ئالشین سانجۆ:

# لە پیری ناترسم

یەکێك لەگرفتە سەختەکان بۆ ئافرەتانی هونەرمەند پیربوون و دەرکەوتنی نیشانەکانی پیرییە بەسەریانەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کارەکەیان دەبێت، بەڵام ئالچین سانجۆی بە ئاشکرا دەڵێ هیچ ترسێکی لە پیربوون نییە بۆیە گرنگییەکی زۆر بە کارە هونەرییەکانی دەدات.

سانجۆی دەڵێ: بەر لەوەی بێمە نێو بواری نواندنەوە مەشقی زۆرم نەکردبوو، بەڵکو زیاتر لە هاوڕێکانمەوە فێر بووم کە کارم لەگەڵیاندا کردووە بە گیانی تیم و زۆریش لەو بوارەوە هاوکارییان کردووم، ئەمەش هەستی ئەوەی پێ بەخشیم کە تەمەن هیچ کاتێك ڕێگر نییە لەبەردەم هەوڵەکانی ئەکتەر بۆ فێربوون و ئەنجامدانی کاری نوێ و جیاواز کە زۆر پێویستن بۆ ئەکتەر.

وەك ئەکتەرێك جوانی بە لای منەوە زۆر گرنگ نییە، هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆم بدەم و بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بە هەستەوە خۆم لەگەڵ دەق و دیمەنەکان بگونجێنم، چونکە ئەگەر لەوەدا سەرکەوتم، ئەوا دەتوانم هەستی خۆم بەشێوەیەکی هونەری و قووڵ بۆ جەماوەر بگوازمەوە و وای لێبکەم چێژ لە ڕۆڵەکانم وەربگرێت.

سانجۆ زیاتر دەڵێ: هەرچەندە من خاوەن جەماوەرێکی زۆرم و تا ڕاددەیەکیش شارەزام پەیدا کردووە لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ جەماوەر، بەڵام ئێستاش کە کەسێك تەلەفۆنم بۆ دەکات، یان لە شوێنە گشتییەکان ستایشی من و کارە هونەرییەکانم دەکات، هەست بە شەرم دەکەم.

# عامر خان لە پلەی یەکەمە

دوای ئەوەی ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد عامر خان توانیی بگاتە لوتکەی بۆکس ئۆفیسی هیندستان و ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد بە فیلمی (دانجان)، ئێستا ناوبانگی ئەم ئەکتەرە سنووری وڵاتی هیندستانی بڕیوە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە چین، ئەمریکا، کەنەدا بەریتانیا، ئوسترالیا، ئیمارات، تایوان و چەند وڵاتێکی دیکەش لە پلەی یەکەمدایە.

ئەم فیلمە لە چیرۆکێکی راستەقینە وەرگیراوە و باس لە ژیان ماهافیر سینگ فوگات و هەردوو کچەکەی گیتا و بابیتا کە یاریزانی زۆرانبازیی هیندین دەکات. بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (هندوستان تایمز) یەکەم فیلمی هیندییە کە لە دەرەوە و ناوەوەی هیندستا لە رووی جەماوەرییەوە لە یەك ئاستدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بۆ یەکەم جاریشە کە ببێتە یەکێك لە سەرکەوتووترین و گەورەترین فیلمە هیندییەکان کە لە وڵاتی چین داهاتێکی زۆری بەدەستهێناوە.

هەر لەم بارەوە قسەکەرێك بە ناوی فیلمەکە کە لە دەرهێنانی نەتش تیوارییە، رایگەیاند کە داهاتی فیلمەکە سنووری ٢٠٠ ملیۆن روپیەی هیندی تێپەڕاندووە، ئەمەش لە سەرتاسەری جیهان ژمارەیەکی پێوانەییە و تا ئێستا فیلمەکانی بۆڵیۆد لە دەرەوەی سنووری هیندستان نەگەیشتوونەتە ئەو ژمارەیە.



# کاسرین لانجفۆرد پێشبینییەکان دەگۆڕێت



زنجیر درامای (13Reasons Why) کە کۆمپانیای (Netflix ) بەرهەمی هێناوە و لە پاڵەوانیەتی کچە ئەکتەری ئوسترالی کاسرین لانجفوردە، دوور لە پێشبینییەکان بووە یەکێك لە پاڵێوراوە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی خەڵاتەکانی خولی (٧٥)ەمینی گۆڵدن کلوب.

ئەم زنجیرەیە کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی چاوەڕوان نەکراوی بەدەستهێناوە، باس لە پزیشکێکی دڵ دەکات کە خاوەن کەسایەتییەکی بێهێزە بەجۆرێك ناتوانێت هەستەکانی خۆی بۆ بەرامبەر دەرببڕێت و کچێکی خۆش دەوێت کە کاسرین ڕۆڵەکەی دەبینێت، بەڵام بێ ئەوەی بتوانێت راشکاوانە رازی دڵی خۆی بۆ باس بکات.

سەرکەوتنی ئەم زنجیرە درامایە بۆ کاسرین دەگەڕێتەوە کە یەکێکە لە ئەکتەرە لاوە سەرکەوتووەکان و لە ئوستراليا لە دایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ چەندین وانەی لە بواری موزیك خوێندووە، بەتایبەتی موزیکی کلاسیکی دواتر لە پاڵ موزیکدا چەند وانەیەکی دراماشی خوێندووە.

هەرچەندە زۆر سەرکەوتووانە بەشداریی کرد لە چەندین پێشبڕکێی درامی بەتایبەتی لە قوتابخانە و نواندن بووە یەکێك لە ئارەزووە هەرە سەرەکییەکانی ژیانی، بەڵام گشت قوتابخانەکانی نواندن ئامادە نەبوون وەریبگرن بە بیانووی بچووکی تەمەنی و شارەزاییەکی تەواوی لە ژیان و نواندن نەبوو، ئەمەش وای لێکرد لە خول و وۆرکشۆپی تایبەت بە نواندن بەشداری بکات. ئێستاش یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان و پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە ئەستێرە هەرە ناسراوەکانی هۆڵیۆد.



# محەمەد فەتاح

## (خوێندنەوەیەک بۆ دوایین پیشانگای)

تاریق کارێزی

هەتا ئێستا هێندە نەچوومەتە سەر باسی هونەری نوێ (مۆدێرن). بە قوتابخانە و شێواز و ستایلەکانی ئەم تەرحە هونەرە لە بواری شێوەکاریدا هێندە قووڵ نەبوومەتەوە. بە دڵنیاییەوە مودێرنە هونەری شێوەکاری زۆر دەمێکە لە ئاستی جیهاندا پێگەی خۆی بەدەست هێناوە، رەخنەگرانیش هێندەی پێیان کرا بێت، پەیوەست بە وردەکاریی ئەو هونەرە،قسەی خۆیان کردووە. دەرگای مۆزەخانە و گەلەرییەکانیش، دەیان ساڵە بە رووی ئەم تەرحە هونەرەدا کراونەتەوە.

وێڕای ئەوە، باسکردنی گوتاری دیدەیی لە بەر رۆشنایی داهێنانی هونەری مۆدێرندا، هێشتا بە لای منەوە قورسە. پێنووس و تەرازووی رەخنەی من، هێشتا سڵ لەوە

دەکاتەوە، بکەوێتە نێو جیهانی ئەو هونەرەوە. هونەری دیدەیی گوتارێکی سنووربڕە، پتر وەك هونەرێکی گشتگیر تەماشا دەکرێت. بەربەستێك لە بەردەم پەل هاویشتنی ئەم جۆرە ستایلەی هونەری شێوەکاری بەرەو هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە نییە.

بەر لەوەی بێمە سەر دوایین پیشانگای هونەرمەند محەمەد فەتاح، رەنگە پێویست بێت بڵێم: گەلانی پێشڕەو لە کاروانی شارستانیەتی ئەم سەردەمەدا، هەمیشە لە داهێنان و ئەفراندندان. ئەوان لە هەموو بوارەکانی ژیان لە هەموو دەرگایەك دەدەن، سەر بە گشت کونجێکدا دەکەن، لە دەلاقەی هەمووتاق و پەنجەرەیەکەوە دەڕوانن. هەردەم بە دوای شتی نوێدا دەگەڕێن. لە بەرانبەردا گەلانی پاشڕەو (پاشکەوتوو)ی جیهانیش، شوێن پێی گەلانی پێشڕەو هەڵدەگرن. قسەش لەوەدا نییە، کۆمەڵگای کوردستان لە ناوجەرگەی وڵات و گەلانی پاشڕەودایە. کەواتە ئێمە مەحکوومی ئەوەین تەماشای خەڵکانی لە خۆمان پێشکەوتووتر بکەین، شوێن پێی ئەوان هەڵگرین. بە رێڕەوی ئەوانیشدا بڕۆین.

محەمەد فەتاح کە بەم دواییە پیشانگایەکی لە سلێمانی کردەوە، پاشتر هەمان پیشانگای بردە هەولێر، یەکێکە لە هونەرمەندانی بەئەزموونی کوردستان. پیشانگاکەی لەوەوە بایەخ و گرنگی بەدەست دەهێنێت، کە زادەی ئەزموونێکی خەست و خۆڵە. تێیدا هونەرمەندێکی قاڵەوە بووی دنیای رەنگ و شێوە، گوتاری جوانی، زمانی ستاتیکا و پەیامی دیدەییانەی خۆی، بە گوێرەی هونەری مۆدێرن، پوخت گەڵاڵە کردووە.

هونەری مۆدێرن تا ئێستا چەندین قوتابخانە و رێڕەوی هونەریی بە خۆوە دیوە. لە پاڵ ئەوەشدا، خەسڵەتێکی گشتیی هەیە، کە هەموو قوتابخانە و رێڕەوکان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە هونەری مۆدێرندا، رەنگ و شێوە تێك دەشکێندرێن، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ گەڵاڵە بکرێن و دابڕێژرێنەوە. تێك شکاندنی رەنگ و شێوە، وەك چەمك و بەها و حاڵەتی دیتەنی و فیزیکی، یەك قاڵب و یەك ئاراستە و یەك خوێندنەوە و یەك شرۆڤە وەرناگرێت، بەڵکوو هونەرمەند دەبێتە بەشێك لە سەردەم و ژینگەی مرۆییانەی خۆی، تێکەڵ بە هەمەجۆر دۆخ و دیاردە و دەرکەوت و رووداوەکانی ژیانی سەردەم دەبێت. هەموو ئەو شتانە لە ناخی هونەرمەندا رەنگدانەوە، پەرچە کرداریان دەبێت، جۆرێك لە دۆزینەوە و ئەفراندن، یاخی بوون و خۆ بە دەستەوە نەدان، نامۆیی و هەمەجۆر هەست و نەستی مرۆیی، بە خۆوە دەگرێت.

دەرەنجامی هەموو ئەو شتانەش، هونەری شێوەکاری هەوڵی تێپەڕاندنی بازنەکان و پێکەوە بەستنی بەهاکان دەدات. بەهای ماددی و بەهای واتایی لە هونەری دیدەییدا ئاوێتە بە یەك دەبن. لە سایەی ئەو ئاوێتە بوونەدا، هونەرمەند مانۆری ئازادانەی خۆی دەکات، راڤە و لێکدانەوەی تایبەتی بۆ ژیان و رووداوەکانی دەبێت، خوێندنەوەیەکی ورد بۆ رەوشی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەکات.

محەمەد فەتاح بەو تەکنیکەی لە دروستکردنی تابلۆدا بەکاری هێناوە، جۆرێك لە دەسەڵاتی هونەری دەنوێنێ، کە وا پێویست دەکات هەڵوەستەی قووڵ لە ئاست گوتاری دیدەییانەی ئەو بکرێت. ئاشنا بوون بە ژیان و دنیابینی و ژینگەی هونەرمەند، فاکتەری گرنگن بۆ پەی بردن بە وردەکاری و لایەنی ستاتیکاییانەی بەرهەمی ئەو، بۆیە بەدەر لەو مەرجە رەنگە قسە کردن لە بارەی گوتاری جوانی هونەرمەندەوە، رەخنەگر بە ئاقارێکی دوور لە کرۆکی هونەرەکەی ئەو ببات.محەمەد فەتاح بە گوتارێکی دامەزراوی دیدەییانەوە هاتووەتە مەیدان، بە گوێرەی ئەو فۆرمانەی لە زۆربەی تابلۆکانی دووبارە دەبنەوە، وا دیارە زۆر پەیوەستە بە پرسی مرۆڤەوە، بە تایبەتی پەیوەندیی ئەزەلی و دووالیزمانەی نێوان نێر و مێ.

ریشەی هونەری مۆدێرن بۆ سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. هونەرمەندانی نیگارکێش ئیدی دەستیان لە وردەکاریی دیمەن و پێکهاتەی تابلۆ هەڵگرت، لە بری داڕشتنی فیگەر بە وردەکارییەوە، پەنایان بردە بەر هێما و ئاماژە لە نێو بەرهەمەکانیاندا. دەرچوونی هونەری مۆدێرن لە چوارچێوەی هونەری کلاسیزم (ئەکادیمی و ریالیزم)، رێی بۆ بەرجەستە کردنی هەست و نەست و خەیاڵ خۆش کرد. ئەم رچەشکێنییە چەند هونەرمەندێکی پێشەنگی ئەورووپا رابەرایەتییان کرد، لە هەردوو سەدەی (١٩ و ٢٠)دا چەندین قوتابخانە و رێبازی هونەری پەیدا بوون، هەندێکیان خۆڕسکانە و بڕێکیان بەرنامەڕێژانە دروست بوون. ئەمە رێڕەوی مۆدێرنخوازی و ئەزموونکارییە، تا ئێستاش درێژەی هەیە، هاوکات لەگەڵ رەوڕەوەی ژیاندا، هونەریش گەشە و گۆڕانکاریی بە سەردا دێت. گوتاری دیدەیی پەیوەستە بە سەلیقەی تاکی کۆمەڵگاوە، ئەم سەلیقەیەش بە ئەندازەی ژمارەی کەسانی کۆمەڵگا، فرە چەشن و بێ ژمارە. ئیدی ئاساییە بۆ هەر تەرحە هونەرێك، مرید و داواکاریی خۆی هەبێت.بە گوێرەی بۆچوونی رەخنەگران، هونەری مۆدێرن پشت بە حەوت پایە دەبەستێت:

یەك: لاسایی نەکردنەوەی واقیع و بایەخ دان بە داهێنان و ئەفراندن.

دوو: خۆ دوور خستنەوە لە گوزارشت کردن لە ئامانجی میتافیزیکی.

سێ: بەکار هێنانی کەرەستەی هەمەجۆر (کاغەز، ئاسن، دار، خاشاك. هتد).

چوار: بایەخ دان بە ئەزموونی تایبەتی هونەرمەند لە بری بابەت و ناوەرۆك.

پێنج: داهێنانی شێواز و تەکنیکی نوێ.

شەش: ئەفراندن لە بواری رەنگسازی و تێپەڕاندنی رەنگەیلی باو.

حەوت: باسکردنی بابەتی نوێ کە زادەی هزر و ئەندێشە و خەیاڵن.